www.kurdistannet.org

## له سلێمانی...

## خولێک بۆ فێربوونی زمانی کوردی!

بەختیار شاخی
bshakhy@hotmail.com

ناهەقتان ناگرم ئەگەر ئەو ناونیشانەتان پێ سەیربێت و زار داپچڕن، ئاخر شارێکی کوردی چ پێویستی بەوەیە خولی تایبەت بەفێربوونی زمانی کوردی لێ بکرێتەوە؟! هەڵبەت ئێمە هەر ئیدیعای ئەوە ناکەین کە سلێمانی شارێکی کوردییە، بەڵکو (خوڵەکەشی بۆنی کوردانەی لێ دێت!)، (سەروسیمای شارەکەش کوردین)، (هەموو شتێکی ئەو شارە کوردییە)...!! تا ئێرە هیچمان لە هیچ، بەڵام بەزمەکە لێرەوە دەست پێدەکات... ماوەیەک پێش ئێستا بڵاوکراوەی (تورکمن ایلی) هەموو ئەو وەسفانەی من بۆ سلێمانیم ڕیز کرد، ئەویش بۆ (نیشتمانی تورکمان - تورکمن ایلی) ڕیز کردبوون، لەوانەش ئاڵتون کوپری کە گوایە بەشێکە لەو نیشتمانە! واتە (ئاڵتون کوپری) شاری تورکمانە، خۆڵەکەشی بۆنی تورکمانی لێ دێت! سەروسیمای شارەکەش تورکمانە و هەموو شتێکی تورکمانییە!!، بەڵام هەر ئەو بڵاوکراوەیە لە لاپەڕە دووی ژمارەی ڕۆژی ٢٠٠٣/٩/٢٩ لە هەواڵێکی گەرم و گوڕدا دەڵێ: **لە ئاڵتون کوپری خولێک بۆ فێربوونی زمانی تورکی کرایەوە!!** توخوا ناونیشانی ئەو هەواڵەی تورکمن ایلی - کە ئیدیعا دەکات (ئاڵتون کوپری) شاری تورکمانە)- چ جیاوازییەکی لەگەڵ ناونیشانی بابەتەکەی من هەیە؟ ئاخر ئەگەر شارێک تورکمانی بێت چ پێویستی بەخولی فێربوونی زمانی تورکییە؟ ئەویش خولێکی ٤٥ ڕۆژی!! پێم سەیرە ئەگەر دوای ئەو هەواڵەش هێشتا (تورکمن ایلی) پێمان بڵێ کورد دەیەوێ کەرکووک و دەوروبەری (تەکرید!!) بکات، ئەوەی ئێوە (تەتریکە) یان قسەی ئێمە؟ ئێوە کە بەخول و خولبازی دەتانەوێ خەڵک فێرە تورکی بکەن، تەتریک دەکەن، یان ئێمە کە دیکتاتۆرێک بەهەموو ئیماکنیاتییەوە خاکەکەی تەعریب کردین و ئێستا دەمانەوێ وەری بگرینەوە، تەکرید دەکەین؟! بۆ ئەوەی (تورکمن ایلی) باش بزانێت کە ئاڵتون کوپرییەکەشیان لە کوێوە هاتووە ئەو قسەیەی مێژووناسی ناودار دکتۆر جەمال ڕەشید وەبیریان دێنمەوە کە گوتی: کاتێ داگیرکەرانی عوسمانی هاتن و گەیشتنە (زاب) و گوتیان ئێرە ناوی چییە؟ کە وەڵامەکەیان بیست، گوتیان نەء، خەڵکی ئێرە عەرەبی نازانن و (ذهب)یان لێ بۆتە زاب، بۆیە ئێرە (ذهب)ە و بەتوکیش دەبێتە ئاڵتون، کوپرییەکەشیان پێوەنا تا باشتر تەتریکی بکەن... ئێوەش دوای ئەو هەموو ساڵە دێن و خولی فێربوونی زمانی تورکی لە (پردێ) دەکەنەوە... کە عوسمانییەکان بەگۆڕینی ناوەکەی پێیان تەتریک نەکرا... کە ئەو هەموو ساڵە بەعس پردێی پێ نەخورا... دڵنیابن بەسەد هەزار خولیش (پردێ) نابێتە (ئاڵتون کوپری) و پێتان تەتریک ناکرێ... پێشنیاریش دەکەم کاردارانی (تورکمان ایلی) و سیاسەت بازەکانیان پێکەوە بەشداریی خولێکی خوێندنی مێژوو بکەن... هەڵبەت لە هەر کوێیەک جگە لە ئەنقەرە و ئەستەمبوڵ... دواتریش بەشداریی خولێکی فێربوونی سیاسەت بکەن... چونکە ئێستا ئەوان سیاسەت ناکەن بەڵکو سیاسەتیان پێ دەکرێ!!